# وەڵام بە سەرنج و ڕەخنەو پێشنیاری ژمارەیەك بەڕێز

## کۆمۆنیزمی کرێکاریی لەباری فکری و تیئۆریەوە هیچ شتێك جگە لەمارکسیزم، بەوجۆرەی کە لەکلاسیکەکانی مارکسیزم وەردەگیرێ، نییە

**عبدالله مەحمود**

abdulla.mahmud@gmail.com

من لەبەشی پێشودا و لەوەڵام بە ژمارەیەك بەڕێزدا، باسی ئەوەم کرد، کە هەرچی حزبی سیاسی جدی هەیە لەدنیادا لەسەر بنەمای پێداویستی سیاسی کۆمەڵگاو زەمینەمادیەکانی پێکهاتوون و هەڵگری وەڵامی ڕەوتێکی کۆمەڵایەتی چینێکی دیاریکراوی کۆمەڵگان بەواقعیەتی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی کۆمەڵگا بۆ گرتنەدەستی دەسەڵاتی سیاسی.

لەم بەشەدا دەمەوێت وەڵام بەچەند مەسەلەی تر بدەمەوە کە لە پەیوەند بە باسەکەی مندا هێنراونەتە گۆڕ، لەوانە ڕەتکردنەوەی حزبی سیاسی و گرنگیدان بە ڕێکخراوەی جەماوەری لەوانە **یەکێتی یە کرێکاریەکان یان یەکێتی یە شۆرشگێڕەکانی وەکو کارگەران، وەرزێران، فەرمانبەران، خوێندکاران، خانەنشینان، پەککەوتان، لانەوازان....کە بەپێی سیستەمی فیدرالستی لە فدراسیۆنەکان و کۆنفیدراسیۆنە شۆرشگێرانەکاندا یەکدەگرنەوە و تەنها هاوپشتی چینایەتی و یەکگرتنی ئازادانەیان لەو ڕێکخراوانەدا کۆیان دەکاتەوە***. و ئەمە بەبەدیلی حزب دەزانن. هاوکات باسێکی تر ئەوەیە کە هاورێ و دۆستانێك لەبەرامبەر بەوەدا کە ووتومە پێکهێنانی حزبێکی مارکسی–حکمەتی، دەڵێن هێنانی ناوی حیکمەت بۆ ئەوەیە کە مارکسیزم ڕەتبکرێتەوە یان دەڵێن  کۆمۆنیزم و مارکسیزم و لەگەڵ کۆمۆنیزمی کرێکاری و حیکمەتیزم دووشتی لێکجیاوازن........تاد

سەرەتا لەپەیوەند بە یەکێتی یە شۆرشگێرەکان یان ڕێکخراوەی جەماوەری جۆراوجۆری چین و توێژە کۆمەڵایەتییە ژێر چەپۆکەکان، دەبێ بەچەند ڕاستییەك دەست بە وەڵامەکانم بکەم. وپاشانیش لە پەیوەند بە حزبی مارکسی_ حکمەتیەوە ڕونکردنەوەیەك بە پێویست دەزانم.

1– نە من و نەبڕیارە ئەو حزبە سیاسی یەی کە باسی پێکهێنانی دەکرێت، دەورو نەخشی ڕێکخراوە جەماوەری ڕەت بکاتەوە، بەلکە ڕێکخراوبوونی کرێکاران و توێژە بێبەشەکانی کۆمەڵگا لە چوارچێوەی ڕێکخراوەی جەماوەری خۆیاندا، بە ئەکێکی گرنگ و چارەنووسازی بزوتنەوەی کرێکاری و بزوتنەوەی توێژە بێبەشەکانی تری کۆمەڵگا دەزانین، لە پێناو خواستە ئابوری و مافە سەرتاییەکانی خۆیاندا و باشترکردنی هەلومەرجی ژیان و گوزەران و بردنە سەری ڕەوتی خەباتکارانەیان.

2 –هاوکات هەموو بزوتنەوە واقعییەکانی کرێکاران و توێژە بێبەشەکانی کۆمەڵگا، بەشێکن لە بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی فراوانتر کە ئەلتەرناتیف" بەدیل" ی خۆیان، لەئاستێکی فراوانتری کۆمەڵایەتیدا، دەخەنە ڕوو.

بزوتنەوەی نەقابی و سەندیکایی تادەگات بە بزوتنەوەی شورایی و یەکێتی یە شۆشگێرەکان و....تاد، هەموو ئەمانە بەشی جیاجیاو ئەلگۆی فرەڕەنگی بزوتنەوەی گەورەترن بۆ گۆڕینی کۆمەڵگا لە ئاستێکی فراوانی کۆمەڵایەتیدا. بەکورتی ئەم ڕێکخراوە جەماوەریانە نە خۆبەخۆ پێکهاتوون و نەدابراوان لە بزوتنەوە کۆمەڵایەتی یە فراوانترەکانی کۆمەڵگا. بۆنمونە کەس ناتوانێت بزوتنەوەی تریدنیونیزم و بزوتنەوەی نەقابی لە ریفۆرمیزم و سوسیال دیموکراتی جیابکاتەوە کە ئەلتەرنایفی بۆ سەرجەم کۆمەڵگا پێیە و خاوەنی مێژوویەکی درێژی دەسەڵاتیشە لەدنیادا. واتە ئەگەر بزوتنەوەی نەقابی ئەلگۆیەکی ڕێکخراوبوونی کرێکارانە، بەڵام ئەمە ئەلگۆو بەدیلی بزوتنەوەی ریفۆرمیزم و سۆسیال دیموکراتی یە بۆ جەماوەری کریکاران.

هاوکات باسی ڕێکخراوبونی برایانی موسڵمان و خوشکانی موسوڵمان، لە یەکێتییەکان و کۆمەڵەکاندا، بەهەمان شێوە ئەلتەرناتیفی ڕەوتە دینییەکانە بۆ ڕێکخستنی جەماوەری موسوڵمانان، کە لەهەمان کاتدا بزوتنەوە ئیسلامیەکان خاوەنی ئەلتەرناتفی خۆیانن بۆ سەرجەم کۆمەڵگا.

بزوتنەوەی شورایی و شوراکانیش چوارچێوەیەکی ڕێکخراوبوونی کرێکاران و خەڵکی بێبەشن، بەڵام بێگومان ئەوانیش بەشێکن لە بەدیلی بزوتنەوەیەکی فراوانتری کۆمەڵایەتی و بزوتنەوەی کۆمۆنیستی و بە کۆمۆنیستەکانش دەناسرێتەوە.

ئەو یەکێتی یە شۆڕشگیرانەش کە لە فەنزویلاو ئەرژەنتین...تاد، هەن. لەچواچێوەی هەمان قانونبەندیدان و ئەلگۆی بزوتنەوەیەکی فراوانترن کە ئەلتەرنایفیان بۆ سەرجەم بارودۆخی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا پێیە.

3- ڕێکخراوەی جەماوەری کرێکاران و توێژە بێبەشەکانی تری کۆمەڵگا، جا چ ناویان نەقابە سەندیکا یان شوراو چ ناویان یەکێتییە شورشگێرەکان، یان ڕێکخراوەی سەربەخۆی ژنان و لاوان و خوێندکاران و فەرمانبەران و وەرزێران...بێت، ڕێکخراوەی خۆبەخۆی دابراو لە بزوتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان نین و ڕێکخراوەی سەربەخۆی جەماوەری لەدنیادا بوونی نییە.

4- هەموو ڕێکخراوە جەماوەریەکانی کرێکاران و توێژە مەحرومەکانی تری کۆمەڵگا، لەگەڵ ئەوەدا کە لەباری ڕێکخراوەیەوە، دەکرێت سەربەخۆ بن و زوربەشیان لەوبارەوە سەربەخۆن، بەڵام لە باری سیاسی و ئاسۆو سونەتی خەباتکارانەوە سەر بەبزوتنەوەو سونەتێکی سیاسی کۆمەڵایەتی و چینایەتی دیاریکراون.

5-لەسەراسەرای دنیاداو لەمێژووی دوور ودرێژی کۆمەڵگای چینایەتی تا ئێستادا، ڕێکخراوەی جەماوەری" هەر ناوێکی بوبێت" نەبونەتە جێگرەوەی حزب و هەرگیزیش دەسەڵاتی سیاسی یان بەدەستەوە نەگرتووەو دەوڵەتێك و وڵاتێك نییە کە دەسەڵاتەکەی لە ڕێگای نەقابە یان سەندیکا و یان شوراکانەوە، بەدەستەوە گیرابێت. ئێمە شاهیدی شۆڕشی نەقابی یان سەندیکای و شورایی نین. ئێمە شاهیدی دەوری بەرچاوی ئەوان هەین لە باشترکردنی ژیان و گوزەران، ریفۆرمی ئابوری هەندی جار ریفۆرمی سیاسیش، وە لە یەکخستنی سنفی کرێکاران توێژە کۆمەڵایەتیەکان، وە نەخشیان لە پرۆسەی شوڕشدا و تەنانەت شاهیدی دەوری دەسەڵاتی شوراکانین، بەڵام شاهیدی ئەوە نین ئەو ڕێکخراوە جەماوەریانە. لەمەیدانی سیاسەتدا و لە کێشمەکێشی دەسەڵاتدا نوێنەرایەتی تەواوی خەڵکی کرێکاری و زەحمەتکێشیان کردبێت و توانبێتیان ئەم هێزە فراوانە کۆمەڵایەتی یە کە بۆ شۆڕش پێویستە ڕێکبخات و ڕێنوێنی بکات. ئەمە ئیتر کاری حزبی سیاسییە، وحزبە سیاسیەکانن کە کۆمیتە حزبی یان فراکسیۆنی خۆیان لەناو ئەوڕێکخراوانەدا دامەزراندووە، و ڕێکخراوە جەماوەریەکانیان ئاسۆدار کردووە، ڕێنوێنیان کردووە......ڕابەری شۆڕش و ڕاپەڕینەکانیان کردوەو ڕێکخراوەی جەماوەریەکانیش بەشێك بوون لەچواچێوەی مستەلزەماتی ئەم شۆڕش و ڕاپەرینانە یان ئەلگۆی بەریوەبردنی و ئیدارەی کۆمەڵگا، کە حزبی سیاسی سازدەرو ڕێبەری بووە.

ئەمرۆ خۆدزینەوە لەحزب و حزبایەتی، لەکۆمەڵگای کوردستاندا و ڕوهێنانیان بۆ ڕێکخراوەی جەماوەری پەیوەندی بەدوو واقعیەتەوە هەیە، یەکەم ئەوەیە کە ئەوانە ئەو کەسانەن کە تائێستا لەژێر هاژوهوژو تەوژمی دژی تەحەزوبی بەرەی بۆرژوازی دەرنەهاتوون کە بەشکستی بلۆکی شەرق نەخشەمەندانە دەستی پێکرد، تا حزبایەتی و تەحەزوب لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا، بێکاریگەرو تەنانەت زیادە نیشان بدەن. هاوکات کارنامەی ئەحزابی قەومی و دینی کوردستان، بە دەسەڵات بەدەست و کەنارخراوەوە بەڕاستی هێندە قێزەونە کە خەڵکانێکی والێکردووە کە قێز بکەنەوە لە حزب و ژیانی حزبی. کاتێك حزب لەوەسیلەیەکەوە ئەبێتە ئامانج بۆ لوشدانی ئاشکرای داهاتی خەڵك، ئەبێتە پسوڵەی دامەزراندن و کاردەسکەوتن و نان پەیداکردن، ئەبێتە گورز بۆئەوانەی نا بەپەیام و کارکردی دەڵێن، دەبێتە کۆمپانیا بۆ پارەکۆکرنەوەو سواڵکردن، دەبێتە دەستەمۆی حزبی لەخۆی گەورەتر، دەبێتە تەشریفات و .....تاد. ئەمانەن کە وای لەبەشێك لەخەڵك کردووە دژی حزب و حزبایەتی بن.

بەڵام لەگەڵ ئەم ڕاستیەشدا هیچ لەوە ڕۆشنتر نییە کە کۆمەڵگای کوردستان کۆمەڵگایەکی حزبی داگرە.

ئەگەر قبوڵمانە مێژووی واقعی، مێژووی ململانێ و کێشمەکیشی چینە کۆمەڵایەتیەکانە، و هەرکام لەم چینە کۆمەڵایەتیانەش هەڵگری سونەت و شێوازی خەباتکارانەی خۆیانن. ئەوا حزبی سیاسیش چواچێوەی و ئامرازی چینە کۆمەڵایەتیەکانە لەپێناو زاڵکرنی ئاسۆ و ئامانجی خۆیان بەسەر تەواوی کۆمەڵگادا.

هەر ئەم بنەما واقیعیەشە وای کردووە کۆمەڵگای کوردستان چەندین حزبی سیاسی قەومی ڕەوتی دینی تیادا هەبن، حزبە سیاسیە قەومیەکان بەهەموو ڕەوت و لایەنەکانیەوە، بەمیلیتانت و تەقلیدی و بەناو لیبرالەوە، بەمحافەزەکارو ریفۆرمستەوە، بەدەسەڵاتدارو بێدەسەڵاتەوە، بە گەورەو بچوکەوە، بەپێشینەی مێژووی کورت و درێژەوە، نوێنەری ڕەوتی کۆمەڵایەتی یەك بزوتنەوەی چینایەتی کۆمەڵگای کوردستانن لە قاڵبی ئەحزابی جیاجیادا، کە چینی سەرمایەداری کوردە. و دەیان و سەدان ڕێکخراوەی جەماوەری و پیشەیی جۆراوجۆریشیان لە چوارچێوەی هەمان ئاسۆی سیاسی و بزوتنەوەکەی خۆیاندا سازداوە.

ئەمرۆ باسی پێکهێنانی حزبێکی سیاسی لە کوردستانیش، باسی پێکهێنانی حزبێکە کە نوێنەری واقعی بەشی پێشرەوی چینی کریکارو ڕەوتی بەرابەریخواز و یەکسانیخواز وە حزبی ڕێکخەری شۆرشی کرێکاری بێت لەکوردستاندا بۆ گرتنە دەستی دەسەڵاتی سیاسی. لەوچوارچێوەیەشدا دەستبردنی بۆ ڕێکخستنی کرێکاران و توێژە بێبەشەکان لە ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەیەکانی خۆیانداو کۆمەککردن و ئاسۆدارکرن و ڕێنوێنی کردنیان ئەکێکی حەیاتی یە.

دیارە هێنانە ئارای ئەم باسە و خستنیە بەردەم ڕای گشتی نەبۆ ڕیفراندۆمە نە بۆ ئەوەشە جەدەلێکی ئایدۆلۆژی بەدوادابێت، بەڵکە باسێکی سیاسی یە بۆ پێداویستیەکی سیاسی، بۆیە من خۆم نادەم لەهیچ باسێکی ئایدۆلۆژی و تیۆری. بەڵام دیسان پیشوازی دەکەم لە هەر رەخنەو پیشنیارو تیبێنی و جەدەلێکی سیاسی.

بەڵام بە پێویستی دەزانم لە پەیوەند بە کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریەوە هەندیك شت بڵێم، چونکە زۆرێك لە هاوڕێ ودۆستانی خۆشەویست لەوبارەیەوە، ناڕۆشنیان هەیە یان لێکدانەوەیان ئەوەیە کە کۆمۆنیزمی مارکس لەگەڵ کۆمۆنیزمی کرێکاری دوو بزوتنەوە و دوو ڕەوتی پێك ناکۆکن.

من بۆ وەڵامی ئەو هاوڕێیانە بەوەڵامێکی خودی مەنصوری حکمەت دەست پێدەکەم کە لە پەیوەندەدا دەڵێت" ....من (کۆمۆنیزمی کرێکاری) بە جێگای وشەی (کۆمۆنیزم) بەکاردێنم.چونکە ئێستا ئیتر وشەی کۆمۆنیزم ئەو خەسڵەتە چینایەتیە تایبەتە ناگەیەنێ کە لەکاتی بلاوبونەوەی مانفیستی کۆمۆنیست لە ساڵی 1848 دا بووی. ئەوکات مانای وشەی کۆمۆنیزم لەگەڵ سوسیالیزمی کرێکاری یەك بوو. ئەنگلس ئەوکات هۆی هەڵبژاردنی ئەم ناوە بۆ ئالایەك کە بەمانفیست بەرزیان کردەوە ڕێك هەر ئاوا باس دەکات. مارکس و ئەنگلس بۆ نیشاندانی دووری و جیاوازیان لەگەڵ کۆمۆنیزمی غەیرە کرێکاری زەمانی خۆیان نێوێکیان هەڵبژارد کە بزوتنەوەی سۆسیالستی کرێکاری لەسەرخۆی دانابوو. هەر وشەیەکی مانفیستی کۆمۆنیست سەبارەت بەوەیە کەئەمە بەیانییەی سۆسیالیزمی کرێکاری یە و ئەم جەرەیانە تایبەتە چینایەتی یە سەبارەت بەدنیاو کۆمەڵی مەوجود و سۆسیالیزمە مەوجودەکان دەڵی چی. ئەگەر ئەمرۆ مارکس و ئەنگلس زیندوبونایەتەوە و دیتبایان کە چۆن ناوی کۆمۆنیزم لەلایەن ڕەوتە ناڕەزایەتی یە شێوە سوسیالستەکانی چینەکانی ترەوە بەدەستەوە گیراوە، بێگومان فکرێکیان بەحاڵی نێوی مانفیستی کۆمۆنیست و بەوشەی کۆمۆنیزم دەکردەوە. ڕەنگە وەکو من سفەتی کرێکاریان لێ زیاد کردبا........."

وە لەوەڵامی پرسیارێکی تردا دەڵێت".....کۆمۆنیزمی کرێکاری بێگومان لەباری فکری و تیئۆریەوە هیچ شتێك جگە لەمارکسیزم، بەوجۆرەی کە لەکلاسیکەکانی مارکسیزم وەردەگیرێ، نییە..."**

بۆیە هیچ لەوە ڕۆشنتر نییە کە کۆمۆنیزمی کرێکاری هەمان کۆمۆنیزمی مارکسە. مەنسوری حکمەت وەکو یەکێك لەبەرچاوترین و بەرجەستەترین ڕابەری کۆمۆنیزمی مارکس" کۆمۆنیزمی کریکاری" لە نزیك بە سێ دەهە لە ژیانی سیاسیدا توانی کۆمۆنیزمی مارکس، ئەو کۆمۆنیزمەی بەدوای شکستی شۆرشی ئۆکتۆبەردا، لەئاکامی زاڵبونی ناسیونالیزم و ریفۆرمیزم لەڕوسیادا، پاشانیش لەلایەن بلۆکی بەناوسۆسیالسیتی ڕوحە شۆرشگێرانەکەی دەکێشرا، و لەلایەن بزوتنەوە بۆرژوازیەکانەوە بەدەستەوەگیرا بۆ ئامانجی ترو بەرژەوەندی تر، ببوژێنێتەوە.

وە توانی کۆمۆنیزمی مارکس بەوێنەی بزوتنەوەی ناڕەزایەتی کرێکاری، و مارکسزم وەکو پەرچەمی فکری و تیۆری ئەم بزوتنەوەیە بۆ رزگاری ئینسان و بەشەریەت کە شوڕشی کریکاری ئەنجامی ئەدات، بگێریتەوە سەر پایە ئەساسیەکانی خۆی.

هەر لەوڕاستایەدا مەنسوری حکمەت لەو تەمەنە کورتەیدا خەرمانەیەك لە ئەدەبیاتی خستە سەر خەرمانی مارکسیزم و کۆمۆنیزمی مارکس، چاوگێرانێکی خیرا بەسەر ژیانی سیاسی و خەباتکارانەی مەنسور حکمەتدا نیشان ئەدات، کە

**کۆمۆنیزمی مارکس لەوسەردەمەدا لەلایەن ئەوەوە نوێنەرایەتی کرا، لەلایەن ئەوەوە لێکدانەوەی ماکسیستی بۆ ئاڵوگۆڕو ڕوداوەکانی ئەم سەردەمە کرا، و لەلایەن ئەوەوە چەندین ئیزافە کرایە سەر خەرمانەی مارکسیزم، نوسراوەی جیاوازیەکانی ئیمە، دەوڵەت لەسەردەمەکانی شۆڕشدا، ڕەخنەی سوسیالستی لە تاقیکردنەوەی سۆفیەت، تا دەگات بەباسەکانی ڕێکخستنی کرێکاری و جەماوەری و سیمینارەکانی کۆمۆنیزمی کریکاری و بەرنامەی کۆمۆنیزمی مارکسی ئەم سەردەمەو مانفیستەکەی" یەك دنیای باشتر"، تادەگاتە ڕوانگەو لێکدانەوەکانی لەپەیوەند بە 11ی سیبتەمبەر....تاد، لە پاڵ بەشداری چالاکانەو بەکردەوەی لەبزوتنەوەی کۆمۆنیزمی کریکاریدا و نەخشی ڕابەری ئەو لە پێکهێنانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری و عێراق و ئیران و...تاد، ئەو ئیزافەکاریانەی کردی، ئەو نەخشە هەرگیز لەبیرنەچوەوەیە کەئیتر لەم سەردەمەماندا باسی ماکسیزم و کۆمۆنیزم بەبێ باس و نەخشی هەمەلانەو پرکتیکی شۆڕشگێرانەی مەنسوری حکمەت، ناتەواو دەبێت، من سەرنجی هەموو ئەو ئینسانانەی خۆیان بە چەپ و کۆمۆنیست و مارکسی دەزانن، ڕادەکێشم بۆئەوەی بچن چاوبخشێنەوە بەئەدەبیاتی کۆمۆنیزمی کرێکاری، کۆمۆنیزمی مارکس "مەنسور حکمەت "دا. بۆئەوەی نەخشی ڕابەری مەنسور حکمەت لە بەکارهینانی میتۆدی مارکس و ئیزافەکانی بۆی لە دنیای دوای مارکس و دنیای دوای لنین و شکستی شۆرشی ئۆکتۆبەرو دنیای دوای 11 سێبتەمبەرو بەیەکدادانی قوتبی تیرۆرستەکاندا، بەڕۆشنی ببینن.**

**بۆیە ئەو حزبەی کە بریارە کۆمۆنیستەکان و مارکسیەکانی کوردستان پێکی بهێنن، حزبی مارکس – حکمەتە، حزبی کۆمۆنیزمی مارکس، کۆمۆنیزمی کرێکاریە.**

2007–3–28

---

*ئەم پەرەگرافە لەنوسینەکەی بەڕێز "هەژێن" دا، کە لەوەڵام بە وتارێکی مندا و لەژێر ناوی (**کۆمەڵگەی کوردستان پێویستی بە خۆ ئازادکردن هەیە نەک بە فریاگوزار**)وەرگیراوە.

** جیاوازیەکانی ئێمە، وتووێژێکە لەگەڵ مەنسوری حکمەت سەبارەت بەباسەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری.